www.kurdistannet.org

## دوانزه ساڵه ئێشکگرین

پێشکەشە بە گیانی تەهای برام و سی و نۆ هاوڕێی ، کەبۆبەشداری لەئازادکردن و بەرگریکردن لــە شاری کەرکووک ، لە ٢٨-٠٣-١٩٩١دا بەبریندارى لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە گیران و بێ سەروشــوێن کران. لە ٢٢-٠٦-٢٠٠٣دا لە گوڕێکی بەکۆمەڵدا لە نزیک کەرکووک دۆزرانەوە.

یەکەمین ڕۆژ
یەکەمین خۆرئاوابوونی
ئێوارەیەکی بەهاری
لێڵ وپێڵی لەش خوێناوی
یەکەمین شەوی ئێشکمان
لەدامێنی کەرکووکدا گرت
بڕیار وابوو هەر بۆشەوێ
چاوی خەواڵوو لێک نەنێین
تاقم وتفەنگ نەکەینەوە
داوای وادەی ئاوا زۆرمان
لە داشناکە چاوگەشەکان
دایکی چاوەڕێی بەردەرگا ،
لەکەسوکار
لەئەوینی ناوژوانی
شەوانی کۆلانانی شار نەکردبوو ،
هاتین و نەگەڕاینەوە
ئەوا ژمارەی سوارانی
مەریوانمان ساڵ بەڕێکرد
ئێستاش هەروا ئێشکگرین
دوانزە ساڵە
هەموو ڕۆژێ ،
کالە لەپێ ، بەرگ چڵکن
قژخۆڵاوی ڕەنگ بزڕکاو لەسەنگەردا
مشتمان لەدوژمن گرتووە
خۆ گەربێت و هەربەچپەش
باسی گەڕانەوە بکەین
بابەگوڕگوڕ
وەک دایکی ڕۆڵە ونکردوو
بەهەنسک و گریانەوە
هاواردەکا
جێم مەهێڵن، جێم مەهێڵن  بەتەنیایی
ئەگەر بێتوو ئێوە بڕۆن

www.kurdistannet.org

ڕووناکی گڕم نامێنێ
سۆمای چاوەکانم دادێ و
تاریکە شەو دەمخنکێنێ
دوانزە ساڵە
لێرەش هەروا کۆڕمان گەرمەو
هەموو شەوێ گۆرانییەکی
شەوە ئەستێران لەسەرداو
شلێرە وەی مامێ دەڵێینەوە
بیرویادگاری ئێوەمان
تێکەڵ بە سۆز و ئەوین و
هەڵماقۆوخۆڵەتەپانەی
گەنجان و مناڵانی
کۆڕەوی ئەنفال کردووە.
دوانزە ساڵە
چل هەست و سۆز ، چل ترپەی دڵ
چل ئامێزی خۆشەویستی
باوەشمان بەیەکدا کردووە
ڕەنگاوڕەنگترین تابلۆی
مێژوویەکمان پێکهێناوە
مەزنترین تابلۆکێشی ئەم دنیایە
نای نەخشێنی
ئامان ئێوەش
هەرگیز لێکمان مەکەنەوە،
ئەم جارەیان کەرکووک دەڵێ
ئەمەک هەموو بۆ ئەوانەی
فرمێسک و خوێنیان بۆڕشتم
ئێشکگری باڵای من بوون
سەدان جارداوای لێ بووردن
لەو سەفەرە بێ وادەیە
بەپێی خۆم دێم بەدەستی خۆم
تابلۆ ڕەنگاوڕەنگەکەتان
وەک مەدالیای ئازایەتی
ئەدەم لەگەردنی بەرزی .......... سلێمانی.

ڕەوەند ڕەفیق_سیدنی
٢٠٠٣_٠٦_٢٩

---

داشناک : کچی یەکێک لە هاورێکانی تەهای برامە کەئەوکات تەمەنی دووساڵان بوو.

www.kurdistannet.org

شەوە ئەستێران لەسەرداو شلێرە وەی ماملێ ، خۆشترین گۆرانی کوردی بوون لای تەهاو خۆی بە موریدی ماملێ دەزانی لە کۆڕگەرمکردنی هاوڕێکانیدا .